# بۆ باشه دەنگ بە کەڕوبی بدرێ

ناسر ئێرانپوور

کاک خالیدی بەڕێز، زۆر سپاس. ئەمە دەقی وڵامی کورتی پرسیارەکانتانە.

لە ڕوانگەی منەوە بە چەند هۆ باشە کە بەشداری لە بەناو "هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری" ئێران بکردرێ و ڕاستەوخۆ دەنگ بە کەڕوبی بدرێ:

١. ڕوونە کە ئەم بەناو هەڵبژاردنەش کێبەرکێیەکی واقعی ناو باڵەکانی حکومەتە. دیارە هەردوو لا بەرژەوەندی حکومەتیان دەوێ، بەڵام یەکیان حەز دەکا لەڕێگای ڕیفۆرم و چاکسازی نیزامی حاکم و بە شێوەی نەرمتر و شلترەوە بەم مەبەستە بگاو ئەوی تریان لە ڕێگای پاوانخوازی پترو کوشتن و بڕینی زۆرتر. سروشتییە کە نابێ بە نیسبەت ئەم کێبەرکێیە بێ لایەن و بێ هەڵوێست بین و پێمان وابێ کە فەرقێک بە حاڵی مە ناکا، هەرکامیان سەرکەون. بۆ وێنە لایەنێک ئیددیعا دەکا کە دەیهەوێ مەیدانێکی نەختێک فرەوانتر بۆ بیری جیاواز دەستەبەر بکا، ئەوی تریان ئەوەی نالێ. ئەمە دوو بۆچوون و هەڵسوکەوتی لەیەکتر جیاوازن. بۆ وێنە ناکرێ جیاوازی کەش و هەوای سیاسی لە دەورانی خاتەمی و ئەحمەدینژاد نەبینین. دیسان دووپاتی کەمەوە: هیچیان نوێنەری خەڵک نین و هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەو ئازاد لەئارادا نییە، بەڵام کێشەو کێبەرکێی ناو ڕێزەکانی حکومەتم پێ جیددین. (ئایا ئەگەر لە چوارچێوەی هەر ئەو ڕژیمەدا بۆ وێنە کاندیدێک بڵێ کە زۆری و ئیجباری جلوبەرگی ژنان لادەبەم و یان تەنیا بڵێ کە 1000 زیندانی سیاسی بەردەدەم، بۆ خەڵک نابێتە هۆی وەی کە لە قیاس و بەراورد لە گەڵ کاندیداکانی تر کە بۆ وێنە دەڵێن هێرش دەبەنە سەر ئەم یان ئەو وڵاتەی، هەڵبژێردرێ؟)

٢. کورد هیچ قازانجێکی لەوە دانییە کە خامنەئی و ئەحمەدی نیژاد کە دەستیان لە ڕشتنی خوێنی ڕێبەرانی کورد دابووە، جارێکی تر سەرکەون. سەرنەکەوتنی ئەم دوو کەسە خۆیلەخۆیدا سەرکەوتنی خەڵکی کوردە. لەبیرمان نەچێ: ئێمەی کورد حیسابێکی کراوەمان لەگەڵ جەنابی ئەحمەدی نیژاد بۆ بەشداری کردنی لە ناو تیمی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەیە. دیسان لەبیرنەکەین کە جەنابی خامنەیی گەورەترین دوژمنی کورد لە ئێرانە و یەک لەم چەند کەسە بووە کە حوکمی ڕشتنی ناجوانمێرانەی ڕێبەرانی کورد و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری ئێرانی داوە. ئەمە بە تەنیا دەتوانێ بێتە هۆی وەی کە لەو "هەڵبژاردن"ەدا بەشداری بەکەین و دەنگ بە ڕەقیبی ئەوان بدەین.

٣. بەشداری ئێمە دەری دەخا کە تەنانەت لە کەش و هەوای نالەبار و هەل و مەرجی نابەرامبەریشدا حازرین لە خەباتی سیاسی و مەدەنیدا بەشداری بکەین، بەڵام حکومەت بە شتێکی جگە لە کوشتن و بڕینمان ڕازی نییە و هەر بۆیەش شەڕی چەکداری پێ داسەپاندووین.
٤. جگە لەمە کەڕوبی کۆمەڵە دروشمێکی گەلاڵە کردووە کە بەشێکی ماوەی 64 ساڵی ڕەبەقە ویستی گەلی مەن. هەربۆیەش سەرکەوتنی کەڕوبی ئێمە هەنگاوێکی بچووک لە مافەکانمان نیزیکتر دەکاتەوە.
٥. تەنانەت ئەگەر کەڕوبی سەرنەکەوێ و یان سەرکەوێ، بەڵام بە پێچەوانەی قەول و وەعدەی خۆی هەنگاو هەڵێنێتەوە، بێ سود بۆ خەڵکی کورد نابێ. ئەم کێبەرکێیانە و مشتومڕانەی ئەم ڕۆژانە ویستەکانی گەلکی کوردی بە جەماوەرێکی زۆرتریش ناساند و خەڵکێکی زۆرتری هێنا گۆڕەپانی سیاسی و بەتایبەتی دەرز و قەڵشتایەکی زۆرتری بۆ دەربڕینی ناڕەزامەندی لە زوڵم و زۆری و زەبر و زەختی حکومەتی ئیسلامی لە ناو ڕێزەکانی حکومەتدا سازکرد. بێشک ئەمە دینامیزمی خۆی دەبێ و هەروا بێ ئاکام و ئەنجام و هەوا ڕاوەستاو نابێ. بێ هۆ نییە کە کەسانێک هاوار دەکەن کە بۆی نییە کاندیداکان باسی "کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان بکەن، چونکە وەخەبەریان دێنێن و مەشروعییەتێکی زۆرتریان پێدەدەن" (بڕوانە بۆ وێنە دیمانەکانی حەمیدی ئەحمەدی).
٦. هەڵنەبژاردنی کەڕوبی جارێکی تر بۆ خەڵک و جیهانی دەرەوە دەردەخا کە حکومەت تەنانەت توانای قەبووڵی کەسانێکی "خۆماڵی" وەک کەڕوبیشی نییە کە ئاماژە بە جێبەجێکردنی مادده یاساییەکانی تا ئێستا لە ژێر پێنراوی دەستوری بنەڕەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران دەکا.
٧. هەڵبژاردنی کەڕوبی وەک خاتمی دەبێتە "نا"یەکی تر بۆ "کۆماری" ئیسلامی ئێران.

بەم هۆیانە و چەند هۆی تر کە بەشێکیانم پێشتریش باس کردووە، داوام لە گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی کورد ئەوەیە کە لەم "دەنگدانە"دا بەشداری بکەن و دەنگ بدەنە مێهدی کەڕوبی.

٢٤ی مای ٢٠٠٩